زریانە بەهۆزەکەی ئیمارات زیانێکی گەورەی هەبووە

ئیمارات لەماوەی 24 کاتژمێری ڕابردودا لەم مۆژوی هاوچەرخی خێیدا زۆرترین ڕێژەی بارانبارینی بەخێیەوە بینیوە، لە زۆرێك لە ناوچەکان، هەروەها گەورەترین ڕێژەی بارانبارینە لە سەرەتای تۆمارکردنی داتاکانی کەشوهەوا لە ساڵی 1949ەوە.

سەنتەری نیشتمانی کەشناسی ئیمارات دوپاتیکردەوە، ئەو بڕە بارانبارینەی لە ماوەی 24 کاتژمێری ڕابردودا تا کاتژمێر 9:00ی ئێوارەی ڕێژی سێشەممە بەسەر وڵاتدا باریوە، ڕوداوێکی ناوازەیە لە مۆژوی کەشوهەوای ئیماراتدا لە سەرەتای تۆمارکردنی زانیارییەکانی کەشوهەواوە، پێشبینیدەکرێت لە کاتژمێرەکانی داهاتودا بڕێکی پێوانەیی بارانبارین تۆماربکرێت.

سەنتەرەکە باسی لەوەشکردوە، تا ئێستا زۆرترین ڕێژەی بارانبارین لە ناوچەی "خەتم ئەلشەکلە" تۆمارکراوە، کە لە ماوەی کەمتر لە 24 کاتژمێردا گەیشتوەتە 254.8 ملم بارانە، جگە لەوەش وێستگەکانی سەنتەری نیشتمانی کەشناسی بڕێکی زۆر باران لە زۆر ناوچە جیاجیاکانی دیکە تۆمارکراون.